# وەزارەتی دارایی هەرێم لێبڕینی خانەنشینی دیارکرد




ئەمڕۆ دووشەممە، وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان لێبڕینی خانەنشینی دیارکرد و چەسپاندنی لێبڕینی خانەنشینی (التوقيفات التقاعدية) بە ڕێژەی (10%) لە سەر فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت. بڕیارەکە ئاگەر فەرمانبەرێک موچەی بنەڕەتییەکەی 509 هەزار دینار بێت، ئەوا لێبڕینەکەی دەکاتە 15 هەزار و 270 دینار.

لە گشتاندنەکی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم، بە ژمارە 4753 کە ئەمڕۆ دەچوە و واژۆی ئاوات شێخ حەنابی وەزیری لەسەر و تێیدا هاتوە، پاپشت بە یاسای خانەنشینی یەکگرتو ژمارە (9)ی ساڵی (2014) و دوای بەکاربونی یاسای خانەنشینی یەکگرتو و جێبەجێکردنی بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێبڕینی خانەنشینی ئەنجامبدرێت.

بەگوڕەی ڕاگەیەندراوەکە، چەسپاندنی لێبڕینی خانەنشینی (التوقيفات التقاعدية) بە ڕێژەی (10%) لە سەر فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەبێت و بە لێبڕینی ئەو ڕێژەیەی کە دەکەوێتە ئەستۆی فەرمانبەران و ئەو خانەنشینانەی کە یاسای ئاماژەپێکراوی سەرەوە دەیانگرێتەوە.

لەبینەکە بەم شێوەیە دەبێت:

1- لەبینی ژنی (2%) لە موچەی فەرمانبەران لە دەکەوتی (2014/1/1) تاکو (2024/6/30).

2- لەبینی ژنی (2%) لە موچەی فەرمانبەریتی خانەنشینان، ژوانی لە ئیستادا خانەنشینن و یاسای ئاماژەپێکراوی سەرەوە دیانگرێتەوە لە دەکەوتی (2014/1/1) تا دەکەوتی دست لە کار هەڵگرتن و هەواڵ کردنیان بە خانەنشینی.

3- بڕی پارەی کەمکەبوی سەر فەرمانبەران و خانەنشینان وەکو قەرز تەمار دەکرێت لە ئیستای فەرمانبەران و خانەنشینان.

4- قەرزی ئاماژەپێکراو لە خاڵی (سێیەم) لە ماوەی سێ ساڵ بە فەرمانبەران و ماوەی (5) ساڵ بە خانەنشینان پاکتاو بکرێت.

5- ئەم لەبینە لە دەکەوتی (2025/6/1) دەستپێدەکات تاکو قەرزەکە پاکتاو دەکرێت.

لە گشتاندنەکەی وەزارەتی دارایيدا ئەوەش ڕونکراوەتەوە، ئەگەر فەرمانبەرێک لە ساڵی 2014 موچەی بنەڕەتییەکەی 509 هەزار دینار بێت ئەوا لەبینەکە بەم شێوەیە دەبێت 509,000 زیادبی 2%، بڕی لەبینەکە دەکاتە 15 هەزار و 270 دینار، هەمان فەرمانبەر لە ساڵی 2015 موچە بنەڕەتییەکەی بووبێتە 519 هەزار دینار ئەوا لەبینەکە بەم شێوەیە دەبێت 519,000 زیادبی 2% بڕی لەبینەکە دەکاتە (15 هەزار و 570 هەزار دینار بە ساڵکانی تریش بە هەمان شێوە بە سەرجەم فەرمانبەران ئەم لەبینە بکرێت.

ئاوەشهاتوە، بە فەرمانبەران سەرجەم لەبینەکان کە دەکرێتەوە دابەشی (36) مانگ دەکرێت ئەوا ئەو بەشی دەردەچێت مانگانە لە موچەی فەرمانبەران دەبەدرێت تا قەرزەکە پاکتاو دەکرێت بە خانەنشینان لەبینەکان کەدەکرێتەوە و دابەشی (60) مانگ دەکرێت ئەوا ئەو بەشی دەردەچێت مانگانە لە مووچەی خانەنشینان دەبەدرێت تا قەرزەکە پاکتاو دەکرێت.